حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی دارایی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
ب/ دیراسات و لێکۆڵینەوەو بەدواداچون

حكومة إقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة المالية والإقتصاد
المديرية العامة للديوان
م/ الدراسات والابحاث والمتابعة

ژمارە: ١٠٢٠/
ڕێکەوت: / / ٢٧٢٢ کوردی

العدد:
التأريخ: ٤/ ١/ ٢٠٢٣

وەزارەتی دارایی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
المديرية العامة للديوان
وزارة المالية والاقتصاد

## گشتاندنی دارایی ژمارە ( ٢ )

## بۆ / گشت وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت

## بابەت / خەرجی و داهاتی ساڵی / ٢٠٢٣

بە مەبەستی چۆنیەتی خەرج کردن بۆ ڕاپەڕاندنی ئیش و کارەکان لە وەزارەت و دام دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پاڵپشت بە فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە ١٠١٨/ لە ٢٠١٤/٢/١١ و ئاماژە بە گشتاندنمان ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠٢١/ و بەپێ ی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بەپێ ی بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە ٢٥/ بە نووسراویان ژمارە ٦٢٦٤/ لە ٢٠١٤/١٠/١٢ ، بڕیاردرا بە جێ بەجێ کردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە لە چوار چێوەی ١/١٢ خەرجییەکانی (فیعلی) ساڵی ٢٠٢٢/ لە سەر ئاستی (فصل) تاکو پەسەندکردنی بوودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠٢٣/ :-

**یەکەم :** خەرج کردنی پێشینەی(نثرية)ی (بەردەوام و سووتەمەنی) و بەخشین (منحة)ی مانگانەی دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم دوای نوێکردنەوەیان لە لایەن وەزارەتمان بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری / بەڕێوەبەرایەتی خەرجییەکان بە ڕەچاوکردنی ڕێنماییمان ژمارە (١٧) ی ساڵی/ ٢٠٢١.

**دووەم :** خەرج کردنی کرێ ی ئاو و کارەبا و تەلەفونی نۆرماڵ بۆ ساڵانی پێشوو لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەکان بەپێ ی پسوولەکانی ڕەسەن و تاکو بتوانرێت لە چوارچێوەی پێشینەی بەردەوامی مانگانە لە ڕێگەی سیستەمی ئەلیکترۆنی بەڕێوەبردنی دارایی کوردستان (KFMS) لەسەر بەرنامەی یاداشتی ڕێگەپێدان خەرج بکرێت ، لە حاڵەتێکدا نەتوانرا لە پێشینەی بەردەوامی مانگانە خەرج بکرێت ئەوا لە ڕێگەی سیستەمی ئەلیکترۆنی بەڕێوەبردنی دارایی کوردستان (KFMS) لەسەر بەرنامەی داواکاری خەرجی ڕەزامەندی وەردەگیرێت و دواتر لە لایەن گەنجینەکانەوە خەرج دەکرێت لە سەر بوودجەی فەرمانگەی پەیوەندیدار.

**سێیەم :** دابین کردنی کەل و پەلی زۆر پێویست و گرنگ (أثاث و اجهزة) لە چوارچێوەی پێشینەی بەردەوامی مانگانە بە پێ ی پێداویستی فەرمانگەکە لە ڕێگەی سیستەمی ئەلیکترۆنی بەڕێوەبردنی دارایی کوردستان (KFMS) لەسەر بەرنامەی یاداشتی ڕێگەپێدان.

**چوارەم :** پارەی مانگانەی پاککردنەوە و خواردنی نەخۆشخانەکان و خواردنی بەندیەکان و خاوێنکردنەوەی شار و شارۆچکەکان و فڕۆکەخانەکان و کرێ ی ئۆتۆمبێل و خانو و باڵەخانە جیا لە پێشینەی بەردەوامی مانگانەی فەرمانگەکان خەرج دەکرێت لە ڕێگەی سیستەمی ئەلیکترۆنی بەڕێوەبردنی دارایی کوردستان (KFMS) بە ڕەچاوکردنی ڕێنماییە داراییەکانی تایبەت بەم بابەتانە بە مەرجێك لە کاتی پەسەندکردنی بوودجەی ساڵی ٢٠٢٣/ و دابەشکردنی تەرخانی بۆ دابنرێت لە لایەن وەزارەت و فەرمانگەکانیان بە ڕەچاوکردنی ڕێنماییەکانی دارایی تایبەت بەم بابەتە .

**پێنجەم :** ڕاگرتنی سەرجەم پاداشت و هاوکارییەکان جگە لە بەخشینی بەردەستی وەزیرە بەڕێزەکان کە بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە / ٥٧٤٣ لە ٢٠١٤/٩/١١ و بە نووسراومان ژمارە ٨٠٩١/ لە ٢٠١٤/٩/٢٨ گشتاندنی بۆ کراوە جگە لەو حاڵەتانەی کە ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران یان وەزارەتمانی هەیە لە ڕێگەی سیستەمی ئەلیکترۆنی بەڕێوەبردنی دارایی کوردستان (KFMS) لەسەر بەرنامەی داواکاری خەرجی داوا بکرێت .

**شەشەم :** مینحەی تایبەت پێویستە تەنها لە ڕێگەی سیستەمی ئەلیکترۆنی بەڕێوەبردنی دارایی کوردستان (KFMS) لەسەر بەرنامەی یاداشتی ڕێگەپێدان پێشکەشی گەنجینەی پەیوەندیدار بکرێت بۆ خەرجکردنی دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەتمان.

ناونیشان- هەولێر تەنیشت پەرلەمان
ئیمەیل : it.dep@mofe.gov.krd
عنوان- أربيل بجانب برلمان
ژ.تەلەفۆن : (٠٦٦-٢٢٣٠٤٧٤١)
Address-erbil Beside Parliament
www.gov.kurd

ژمارە: / /
ڕێکەوت: / / ٢٧٢٢ کوردی

العدد :
التأريخ: / / ٢٠٢٢

حەوتەم : هەر پڕۆژەیەك کە لە چوار چێوەی بوودجەی ئاسایی جێ بەجێ بکرێت وەکو (خواردن و پاککردنەوە و خاوێن کردنەوەی شار و شارۆچکەکان وخاوێن کردنەوەی بەشە ناوخۆییەکان و کرێی گواستنەوەی ئارد و ئازوقەی مانگانە و چاککردنەوەی ئامێرەکان .... هتد ) دەبێت ڕەزامەندی وەزارەتمان هەبێت و لە ڕێگەی سیستەمی ئەلیکترۆنی بەڕێوەبردنی دارایی کوردستان (KFMS) پێشکەش بکرێت بە مەبەستی تەرخان کردنی بڕی پارەکان و دواتر پرۆسەی ئاگادار کردنەوە و تەندەرینی بۆ ئەنجام درابێت بە پێ ی ڕێنماییە کارپێکراوەکان و بە پێچەوانەوە وەزارەتمان بەرپرسیار نابێت لە خەرج کردنی جگە لەوانەی کە ڕێنماییمان ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠١٩/ دەیانگرێتەوە .

**هەشتەم : لێژنەی کڕین :-**

١- تاکو بڕی (٢٥٠٠٠٠٠) تەنها دوو ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار لە ڕێ ی لێژنەی کڕین ئەنجام دەدرێت .

٢- لە بڕی (٢٥٠٠٠٠٠) دوو ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار زیاتر و بۆ بڕی (١٠٠٠٠٠٠٠٠) تەنها سەد ملیۆن دینار لە ڕێ ی لێژنەی کڕین و بە هەبوونی (٣) دەرخستە (عرض) دەبێت .

٣- لە بڕی (١٠٠٠٠٠٠٠٠) سەد ملیۆن دینار بەسەرەوە (کڕین یاخود پڕۆژە) لەڕێ ی کەمگەرییەوە (مناقصة) ئەنجام دەدرێت بە ڕەچاوکردنی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٦/ وەزارەتی پلان دانان تایبەتە بە گرێبەستە گشتییەکانی حکومەت.

**نۆیەم : داهات :-**

١- بە پێ ی یاسای ( قانون اصول المحاسبات العامه) ژمارە ( ٢٨ ) ی ساڵی ١٩٤٠ و بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣٨)ی ساڵی ٢٠١٩/ و ژمارە ( ٥٠ )ی ساڵی ٢٠٢٠ و ڕێنماییمان ژمارە ( ١ و ١٤ ) ی ساڵی/ ٢٠٢٠ ، سەرجەم داهاتە ناوخۆیی وەزارەت و فەرمانگەکان بە داهاتی کۆتایی تۆمار دەکرێت بە مەبەستی سوود وەرگرتن لەو داهاتانە بۆ دابینکردنی سیولەی نەختینەیی (نقدي) .

٢- ئەو وەزارەت و فەرمانگانەی کە پاش ڕێنماییمان ژمارە ( ١ و ١٤ ) ی ساڵی/ ٢٠٢٠ کە پاڵپشتە بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣٨)ی ساڵی ٢٠١٩/ و ژمارە (٥٠)ی ساڵی ٢٠٢٠/ ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانیان هەیە بۆ خەرجکردنی بەشە داهاتی خۆیان پێویستە ساڵانە داوا بکرێت لەلایەن وەزارەتمان / بەڕێوەبەرایەتی دیراسات و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون نوێ بکرێتەوە ، پاشان خەرجکردن لەسەر بەشە داهاتەکە ئەنجام بدرێت بە پێ ی ئەو پڕۆسەیەی لە بڕگەی (٤)ی ئەم خاڵە ئاماژەی پێ دراوە .

٣- پێویستە لە ١٢/٣١ی ساڵی دارایی ئەو گوژمانەی کە لە ئەژمێری وەزارەتەکان ماوەتەوە بخرێتە سەر ئەژمێری وەزارەتمان وە تۆمار بکرێت بە داهاتی کۆتایی بەپێ ی بڕگە (٥)ی ڕێنماییمان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠/ ، وە هیچ خەرجییەکی لەسەر نەکرێت بەڵام ئەگەر هیچ پابەندبوونێکی دارایی وەزارەتەکانی لەسەر نەبێت وەک (پڕۆژە بەردەوامەکان و گرێبەستەکان ) کە لە بواری جێبەجێکردندن.

٤- ئەو حاڵەتانەی کە بەپێ ی فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ڕەزامەندی لە سەری دراوە بەپێ ی ڕێنماییمان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠/ ڕەزامەندییان هەیە بۆ خەرجکردنی بەشە داهاتیان ، ڕێژەی (١٠٠%)ی دەکرێتە داهاتی کۆتایی و پاشان لە ڕێگەی سیستەمی ئەلیکترۆنی بەڕێوەبردنی دارایی کوردستان (KFMS) لەسەر بەرنامەی داواکاری خەرجی ڕەزامەندی وەزیری پەیوەندیدار وەردەگیرێت دوای گۆڕینی داواکارییەکە بۆ یاداشتی ڕێگەپێدان لەسەر بەرنامەی یاداشتی ڕێگەپێدان داوا دەکرێت لە گەنجینەی پەیوەندیدار ڕێژەی سەدی بەشە داهاتی خۆیان بۆ خەرج دەکرێت بە پێ ی گشتاندنمان ژمارە (٢١)ی ساڵی ٢٠٢٢/ کە پاڵپشتە بە فەرمانی بەڕێز سەرۆک وەزیران ژمارە (٤٠٤٥) لە ٢٠٢٢/١١/٥.

دەیەم : وەزارەتمان هیچ پابەندبوونێکی یاسایی و کارگێری و دارایی ناکەوێتە ئەستۆی بۆ هەر خەرجییەك کە دەکرێت لە دەرەوەی پێشینەی بەردەوامی مانگانە بێت وەکو (گرێبەست کردن و کڕین و ... هتد) .

حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی دارایی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
ب/ دیراسات و لێکۆڵینەوەو بەدواداچون

حكومة إقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة المالية والإقتصاد
المديرية العامة للديوان
م/ الدراسات والابحاث والمتابعة

ژمارە: ١٠٢ /
رێکەوت: / / ٢٧٢٢ کوردی

العدد :
التأريخ: ٤ / ١ / ٢٠٢٣

**یانزە :** پاڵپشت بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە ١٠٩٤/ لە ٢٠١٤/٢/١٣ ، نابێت بە بێ ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران هیچ فەرمانبەرێك شاند و سەفەری دەرەوەی وولات بکرێت و وەزارەتمان بە پێچەوانەی سەرەوە هیچ پابەندبوونێکی دارایی ناکەوێتە ئەستۆی و لەهەمان کاتدا بۆ ئەو شاندانەی کە بە ڕەزامەندی بەرێزیان بۆ دەرەوەی وولات دەکرێت شایستە داراییەکانیان لە چوارچێوەی پێشینەی بەردەوامی مانگانەی فەرمانگە و دام و دەزگاکان خەرج بکرێت ، بەڵام ئەگەر نەتوانرا لە چوارچێوەی پێشینەی مانگانە خەرج بکرێت دەبێت بە ڕەزامەندی وەزارەتمان لە ڕێگەی سیستەمی ئەلیکترۆنی بەڕێوەبردنی دارایی کوردستان (KFMS) لەسەر بەرنامەی داواکاری خەرجی خەرج بکرێت .

**دوانزە :** بە مەبەستی بە کرێ گرتنی ئۆتۆمبێل کار بە ڕێنماییمان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٨/ بکرێت بە ڕەچاوکردنی سەرجەم بڕگە و خاڵەکانی جگە لە خاڵی (٨)ی ڕێنماییەکە .

**سیانزە :** هەموو ئەو خەرجیانەی کە پەیوەستن بە بوودجەی بە کارخستن لە لایەن وەزارەت و فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاستەوخۆ تەنها بە شێوەی دیجیتاڵی لە ڕێگەی سیستەمی ئەلیکترۆنی بەڕێوەبردنی دارایی کوردستان (KFMS) لەسەر بەرنامەی داواکاری خەرجی ئاراستەی وەزارەتمان بکرێت بە ڕەچاوکردنی گشتاندنمان ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٢٢/ هەر داواکارییەک بە شێوەی کاغەزی ئاراستەمان بکرێت ئەوا ڕەتدەکرێتەوە ، وە پێویستە داواکارییەکان لە سەر سیستەم بە دروستی و بە ڕوونی پەسەندکراو بن و وردبینی بۆ کرابێت , وە هەروەها بەڵگەنامە پێویستەکان هاوپێچ کرابن بە شێوەی (PDF) .

**چواردە :** ئاماژە بە نووسراومان ژمارە (٢٤٣٦) لە ٢٠٢٢/٣/٩ داواکردنی خەرجکردنی پێشینەی مانگانە لە گەنجینەکان لەلایەن وەزارەتەکان و فەرمانگەکان دەبێت تەنها بە سیستەمی بەڕێوەبردنی دارایی کوردستان (KFMS) لەسەر بەرنامەی یاداشتی ڕێگەپێدان ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەکان بکرێت بە پێچەوانەوە بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەکان بەرپرس نابن لە خەرج کردنیان.

**پانزە :** ئەو خەرجیانەی لە لایەن وەزارەتمانەوە ڕەزامەندی لەسەر دەدرێت لەسەر بوودجەی فەرمانگە پەیوەندیدارەکان زیاد بکرێت بە هاوتایی زیادکردنی تەرخانکردنی ڕێژەی (١/١٢) خەرجی فیعلی ساڵی ٢٠٢٢/ .

**شانزە :** لە کاتی زیادکردنی پێشینەی مانگانەی هەر فەرمانگەیەك لە لایەن وەزارەتمان بڕی زیاد کراو لە پێشینەی مانگانە زیاد دەکرێت لە چوار چێوەی ١/١٢ خەرجی فیعلی ساڵی/ ٢٠٢٢ و لە سەر کۆی گشتی ئاستەکان (فصل) نابێت تێپەر بکات ، بەدەر لە ئاستی مووچە (فصل الراتب) و لە ڕێکەوتی زیادکردنی پێشینەکە بۆی هەژماردەکرێت .

**حەڤدە :** دەبێت لە کاتی پەسەندکردنی بوودجە بۆ ساڵی / ٢٠٢٣ ڕەچاوی زیادکردنی خاڵەکانی (دووەم و سێیەم) ی سەرەوە بکرێت .

**هەژدە :** ئەگەر هاتوو لە سەر ئاستی (فەصلەکان) تێپەربوون هەبوو (تجاوز) ئەو کات لە سەر کۆی گشتی ئاستەکان (فصلەکان) هەژمار بکرێت.

**نۆزدە :** هەر داواکارییەک کە پێشکەشی وەزارەتمان / بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری / بەڕێوەبەرایەتی خەرجییەکان دەکرێت و ڕەزامەندی وەزارەتمان وەردەگرێ پێویستە لەسەر سیستەمی بەڕێوەبردنی دارایی کوردستان (KFMS) بگۆردرێت بۆ یاداشتی ڕێگەپێدان و لەسەر بەرنامەی یاداشتی ڕێگەپێدان (PRID) پێشکەشی گەنجینەکان بکرێت بە پێچەوانەوە گەنجینەکان بەرپرس نابن لە خەرج کردنیان .

**بیست :** جگە لە خاڵی ( یەکەم و سێیەم ) ی سەرەوە هەر خەرجییەکی تر کە داوا دەکرێت لە لایەن وەزارەت و فەرمانگەکانیان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت بە ڕەزامەندی وەزارەتمان بێت.

بۆ ئاگاداریتان و کارپێ کردنی لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١/١ ەوە ... لەگەڵ ڕێزدا.

ئاوات جەناب نوری
وەزیری دارایی و ئابووری
٢٠٢٣/١/

ناونیشان- هەولێر تەنیشت پەرلەمان
ئیمەیل : it.dep@mofe.gov.krd
عنوان- أربيل بجانب برلمان
ژ. تەلەفۆن : (٠٦٦-٢٢٣٠٤٧٤١)
Address-erbil Beside Parliament
www.gov.kurd

حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی دارایی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
ب/ دیراسات و لێکۆڵینەوەو بەدواداچون

حكومة إقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة المالية والإقتصاد
المديرية العامة للديوان
م/ الدراسات والابحاث والمتابعة

ژمارە : ١٠٢ /
ڕێکەوت : / / ٢٧٢٢ کوردی

العدد :
التأريخ : ٢٤ / ١ / ٢٠٢٣

وەزارەتی دارایی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
المديرية العامة للديوان
وزارة المالية والاقتصاد

١/٢٤

**وێنەیەک بۆ:-**

- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- پەرلەمانی کوردستان – عیراق / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ س. دیوان/ ف. گ . کارگێری و دارایی/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- ئەنجومەنی وەزیران / سکرتاریەتی ئەنجوومەن / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- وەزارەتی داد/ بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژنامەی وقایعی کوردستان/ بۆ ئاگاداریتان و بڵاوکردنەوەی.. لەگەڵ ڕێزدا.
- ئەنجومەنی دادوەری/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- دەستەی دەسپاکی/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- گشت وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت / بۆ ئاگاداریتان و کاری پێویست.. لەگەڵ ڕێزدا .
- نووسینگەی بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- دەستەی ڕاوێژکاران / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- گشت بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی سەر بەوەزارەت/ بۆ جێ بەجێ کردنی کاری پێویست .
- گشت بەڕێوەبەرایەتی و بەش و هۆبەی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان/ بۆ جێ بەجێ کردنی کاری پێویست .
- بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی ( هەرێم , هەولێر , ( ١ , ٢ ) ی سلێمانی , دهۆك , هەڵەبجە , گەرمیان , سۆران , ڕاپەڕین , ئاکرێ , زاخۆ , کۆیە , چەمچەماڵ , ئامێدی ) / بۆ جێ بە جێ کردنی کاری پێویست .
- بەڕێوەبەرایەتی دیراسات و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون / لە گەڵ سەرەتاکان.
- دوسیەی سوراو / سیستەم لەگەڵ سەرەتاکان .

س-٢٠٢٣/١/٢٤


ناونیشان- هەولێر تەنیشت پەرلەمان
ئیمەیل : it.dep@mofe.gov.krd
عنوان- أربيل بجانب برلمان
ژ.تەلەفۆن : (٠٦٦-٢٢٣٠٤٧٤١)
Address-erbil Beside Parliament
www.gov.kurd